حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆك وەزیران

حكومة اقليم كوردستان - العراق
رئيس الوزراء

ژمارە: ٩٠٥١
ڕێکەوت: ٨ / سەرماوەرز / ٢٧١٥ ی کوردی

No:
Date: 2015 \ 11\ 29

وەزارەتی پلان دانان
هاتوو - تایبەت
ژمارە ....٩٨٩....
بەروار ....١١/٣٠....

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرکراو
Council of Ministers

《 فەرمان 》

لەپێناو هاوکاریکردنی ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە بەهۆی قەیرانی دارایی هەرێمی کوردستان و دواکەوتنی پێشینەکانیان ناتوانن بەردەوام بن بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژانەی حکومەت کە پێیان سپێردراوە، بڕیارماندا بە:

**یەکەم: کۆتایی پێهێنانی پرۆژە:-**

هەموو ئەو کۆمپانیاو بەڵێندەرانەی کە گرێبەستی جێبەجێ کردنی پرۆژەیان لەگەڵ وەزارەت و دام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە بۆ پرۆژەکانی بودجەی وەبەرهێنان، پەرەپێدانی پارێزگاکان، پترۆ دۆلار و هەر بودجەیەکی تر (جگە لە پرۆژەکانی بودجەی تەشغیلی) سەرپشک دەکرێن بە کۆتایی پێهێنانی گرێبەستەکانیان ئەگەر لە توانایاندا نەبوو بەردەوام بن، پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگەی نەبەستراو بە وەزارەت و وەزارەتی پلاندانان.

**دووەم: ماوەی زێدەکی:-**

پێدانی دەسەڵات بە وەزارەت و پارێزگاکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەکان بۆ پێدانی ماوەی زێدەکی شایستە بەو پرۆژانەی ماوەی جێبەجێ کردنیان دواکەوتووە لە ئەنجامی کاریگەری قەیرانی دارایی، بەدەر لە ڕێنماییەکانی پێدانی ماوەی زێدەکی.

**سێیەم: دەرکردنی ڕێنمایی:-**

هەردوو وەزارەتی پلاندانان و دارایی و ئابووری ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێکخستن و جێبەجێ کردنی بڕگەکانی سەرەوە دەردەکەن.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
سەرۆك وەزیران

حكومة اقليم كوردستان - العراق
رئيس الوزراء

ژمارە:
ڕێکەوت: / ـ / ٢٧١٥ ی کوردی

No:
Date: 2015 \ 11 \

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ ئاگاداری/ لەگەل ڕێزدا...
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران/ بۆ ئاگاداری/ لەگەل ڕێزدا...
- وەزارەتی دارایی و ئابووری/ بۆ کاری پێویست/ لەگەل ڕێزدا...
- وەزارەتی پلاندانان/ بۆ کاری پێویست/ لەگەل ڕێزدا...
- گشت وەزارەتەکان/ جگە لە وەزارەتەکانی سەرەوە بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست/ لەگەل ڕێزدا...
- گشت فەرمانگەو ئەنجومەن و دەستەکانی نەبەستراو بە وەزارەتەکان/ بۆ کاری پێویست/لەگەل ڕێزدا...
- گشت پارێزگاو یەکە ئیدارییەکانی هەرێم/ بۆ کاری پێویست/ لەگەل ڕێزدا...
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون.
- فەرمانگەی پلاندانان.
- فەرمانگەی بەدواداچوونی پرۆژەکان.
- دۆسیەی گشتی.
- خولاو.